The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# له ساڵیادی كارەساتی قەڵادزێدا, پێویستە ئاوڕێك لەم شارە بدرێتەوە

33 ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی 1974–4–24 , فڕۆكە مەرگ هێنەرەكانی بەعس , لە كردەیەكی فاشیانەدا هێرشیان كردە سەر جەماوەری سڤیلی شاری قەڵادزێ , بە شێوەیەكی زۆر وەحشیانە , بە بۆمبی قەدەغەكراوی ناپاڵم بۆردومانی شارەكەو زانكۆی ئەم شارەیان كرد , لە ئاكامدا دەیان هاووڵاتی شەهید بوون و ژمارەیەكی زیاتریش بریندار بوو , لە ناویاندا 57 قوتابی بوونە قوربانی .

لە كاتێكدا ئەمساڵ بەرەو یادی 33 ساڵەی ئەو كارەساتە دەچین , كەیسی قەڵادزێ لە دادگای باڵای تاوانەكان پشتگوێ خراوە , هێشتا مۆنمێنتێك بۆ قوربانیانی ئەو كارەساتە دروستنەكراوە , هێشتا شار لە ڕوی خزمەتگوزارییەوە گرنگی پێنەدراوە , كەس و كاری قوربانیان قەرەبو نەكراونەتەوە , شار لە ڕوی خزمەتگوزاری و ڕێگاو بانەوە كاری هەستپێكراوی بۆ نەكراوە , لە بواری ڕاگەیاندن و پەروەردە گرنگی بەو كارەساتە نەدراوە , تاوانبارانی دەڤەرەكە ئەوانەی دەستیان سوورە بە خوێنی هاووڵاتیان و تێكۆشەران دادگایی نەكراون , گەندەڵی باڵی بەسەر كارگێڕی ناوچەكە كێشاوە ... .

هاوكات هەر لەم یادەدا پێویستە یادێك لە قارەمانەكانی ڕاپەڕینی ساڵی 1982 بدەینەوە , پێویستە خوێنی بەناهەق ڕژاوی دایكە ئامینەو خوشكە سنەوبەر و سەید حەسەن و محەمەدی حەسەن گەورە لە یاد نەكەین , داوای دادگایی بكوژەكانیان بكەین .

لە كۆتاییدا پشتیوانی خۆمان بۆ هەموو داخوازەكانی جەماوەری دەڤەری پشدەر دەردەبڕین , سەری ڕێز و نەوازشیش بۆ شەهیدەكانیان دادەنوێنین , هیواداریین لە ساڵی 2007 دا وەڵامێك بە داواكارییەكانیان بدرێتەوە , بانگەوزی جەماوەری ناوچەكەش دەكەین بۆ یەكگرتن و یەكێتی لە دەوری یەكتر, بەرامبەر بە هەر ناهەقییەك كە لە هەمبەریان دەكرێت .

**ناوەندی چاك**

**2007–4–20**